وەزارەتـی نـــاوخـــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ١٩٠٣
ڕێکەوت : ٧ / ٦ / ٢٠٢٢

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.5- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( کڕینی مواد و کەرەستەی یەدەگ بۆ کۆگای بەڕێوەبەرایەتی ئاوی کەلار ) بۆ جاری دووەم

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە ، کە ئامـادەکراوە لە لایەن ( بەڕێـوەبەرایەتی ئـاوی کەلار ) ، لە سـەر بـودجەی ئاسـایی بەڕێـوەبەرایەتی ئـاوی کەلار خەرج دەکرێـت، هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیـوانی ئیـدارەکەمان بکات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ١٢٠ ) سەد و بیست ڕۆژ.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( چوار شەممە ٨/ ٦ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێـنج شـەممە ٢٣ / ٦ / ٢٠٢٢) کـاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیـان بەرامـبەر بە (٦٥،٠٠٠ ) شەسـت و پێـنج هەزار دینـار کە نـاگەڕێتەوە بـۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریيە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( یەک شەممە ٢٦ / ٦ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری سەیری بەڵگەکانی تەندەرەکە بکات.
- بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـیار و ڕوونکـردنەوەیەك لەسـەر تەنـدەری پـرۆژەکە دەتـوانن سـەردانی ئیـدارەی گەرمیـان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٨ ) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر (التعهـد الخطـي الضـامن) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەکـانی تەنـدەر هەیە پێویسـتە لەکـاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت وە پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمـانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان.

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**جـلال نـوری عبدالقادر**

**سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**

**/ ٦ / ٢٠٢٢**